# حکومەتی کوردستان دەرچوو بۆ "سنفی" چەند؟؟

نووسینی: ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

زاراوەی حکومەت بەمانای سەرچاوەی خزمەتگوزاریەکان ، هاولاَتیان و دامودەزگاکانیش دواتر بریتین لە بەکارهێن و سوودبین لەو خزمەتگوزاریانە. هەر لێرەوە هەرچەندە پێناسەکە سادەیە بەلاَم جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع کەمێک گرانە ، چونکە بە هەموو پێوانەکان حکومەتێک کە دروست ئەبێت ، ئەبێت وەلاَم بێت بۆ خواستی گەل ، چونکە دوو شت بوونیان نیە ئەویش ، وشەی نیشتیمان و حکومەت ، هەردووکیان دوو زاراوەی خەملێنراون (ئیفتیرازی)ن واتا بوونیان وابەستەیە بە بوونی کەسەکانەوە ، کە ئەوانیش هاولاَتین.. دەبا کۆمەلێک کەس بچنە شوێنێک و حکومەتێک دامەزرێنن ئەگەر هاونیشتیمانی یان جەماوەری تیا نەبێت ، یان با خاک و زەوی پان بەرین هەبێت و کەسی تیا نیشتەجێ نەبێت ، بزانم کەس خۆی بۆ دەدات بەکوشت؟ بزانم وشە و زاراوەکانی نیشتیمان پەروەری و نەتەوایەتی ئەبێت؟ کەواتە ولاَت و حکومەت دوو زاراوەن بوونیان بەستراوەتەوە بە بوونی هاولاَتی ، واتا خەلکی سادە ، کەواتە بۆ ئەوەی حکومەتێکی بەتین و تۆکمە و عادیلانە دروست بکەیت ئەبێت قاعیدەی جەماوەریت هەبێت ، بۆ ئەوەشی ئەو قاعیدە جەماوەریە متمانەت پێببەخشێت ئەبێت هەموو مقەوماتەکانی حکومەتێکی تەندروست هەبن.. بۆ ئەوەشی حکومەتێکی بەهێز و چالاک و عادیل و هەمەلایەنت هەبێت ، ئەبێت هەموو هێزەکانی ئەو حکومەتە لەناو دەستی گەلەوە سەرچاوە بگرێت ، ئەبێت هەموو هێزەکان لە دەستی گەلدا بن ، بۆ ئەوە نا ئەو حکومەتە هەتا سەر لەسەر تەختی حوکم بێت ، بەلکە بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە لەناو ریزەکانی جەماوەردا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوێزرێتەوە لە کەش و ناوەندێکی دیموکراسیدا ، بە چەند وشەیەکی تر بۆ ئەوەی رێگە بدرێت بە زۆرترین ژمارە لە هاونیشتیمانی و جەماوەری سادە بەشداری بکەن لە حوکمدا ، چونکە حکومەت بینایەک نیە بکرێت بەناوی کەسێکەوە ، مولکێک نیە بەناوی کەسێکی تایبەتەوە لە دائیرەی تاپۆ بنووسرێت ، چونکە حکومەت مولّی گەل و جەماوەرە ، حکومەت بۆ گەلە ، نەک بۆ چەند کەسانێک ، لافی پێوە لێبدەن و کۆمەلاَنی خەلکیش لە خوارەوە بنالێنن..

جاران و هەتا ئیستاش زۆر کەس وائەزانن ئەو حکومەتانەی سالاَنێکی زۆر لەسەر تەختی حوکم ماونەتەوە ئەوا حکومەتێکی بەهێز بوون ، بەلاَم بە ئەزموون تاقیبۆوە ، ئەو حکومەتانەی زۆر مانەوە بە رۆژگار بوونە حکومەتی دیکتاتۆری بۆیە توانیان ئەوەندە سالّ بمێننەوە ، دەنا هیچ شتێک پاساوی مانەوەی سەددامی نەئەدایەوە لەسەر تەختی دەسەلاَت ماوەی 38 سالّی رەبەق ، یان ئەوەتا کاسترۆ 30 سالّی رەبەقە لەسەر تەختی دەسەلاَتە ، باوەڕموانیە لەبەر ئەوە بێت گەل خۆشی ئەوێت ، بەلّکو لەبەر ئەوەیە بە ئاگر و ئاسن

ماوەتەوە و لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی سەرکوت کردووە و هەموو بەترس ماونەتەوە ، باوەڕم وانیە هەموو گەلی کوبا وەکوو 30 ساڵ لەمەوبەر ئەو پیاوەیان بوێت ، لەبەر هۆیەکی زۆر بچووک ، ئەویش ئەوەیە رۆژانە نەوەی نوێ دێتە کایەوە و گەورە ئەبن و ئەزموونی نوێ لە دونیای سیاسەتدا دێتە کایەوە ، ئەبێت هەموو کاری پێبکرێت ، خوێنی تازە ئەڕژێتە دەمارەکانی گەل و جەماوەرەوە ، مافی ئەوەیان هەیە بێنە پێشێ و دەسەڵات بگرنە دەست ، هەر نەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسیەت بچەسپێت ، چونکە بوونی حکومەت مانی بوونی خاک و جەماوەرە ، گوێزانەوەی حوکمیش لەناو ریزەکانی جەماوەردا هەموو خولێکی حکومی مانای هەبوونی دیموکراسیەتە ، ئەوە هاوکشە راستەقینەکەیە..

بە هیچ شێوەیەک باوەڕم نیە بەو جۆرە هەڵبژاردن و تەشکیلەی حکومیانەی ئیستا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەکرێت ، تەنانەت بە عێراقەوە ، و کوردستانیش لەسەروو هەموویانەوە کە بەم دواییە حکومەتی نوێی راگەیاند .. کامی لەو وەزیرانەی کران بەوەزیر بە توانا و موئەهیلاتی بەرز و بە خواست و یستی جەماوەر بوون بە وەزیر ، کامی لەو ئەندام پەرلەمانانە بە خواستی جەماوەر بوون بە ئەندام پەرلەمان؟

راستە خەباتمان کرد ، خوێنمان رشت ، شەهیدمان دا ، هیلاک بووین ، راپەڕینمان کرد ، بەڵام ئەوانە هیچی پاساوی ئەوە نادەنەوە کە تۆ بە بێ رەزامەندی گەل و جەماوەری لەسەر تەختی دەسەڵات بمێنیتەوە و ئەو جۆرە حکومەتە دروست بکەیت کە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ هیچی لە حکومەتەکانی ناوچەکە ، لەگەڵ ئەوەی قوڕگمان دڕڕ ئەوەندەمان وت: لە کوردستاندا ئەزموونێکی دیموکراسی بێوێنە هەیە.. ئەو جۆرە حکومەتانە هەموو لەسەر بنەما و مقەوماتەکانی حکومەتی پێشووی عێراق و ئیستای ئێران و هەموو حکومەتەکانی دەوڵەتە عەرەبیەکان دروستبوون.

هەڵبەتە هەموان ئەزانین هیچ روویەکی بەراورد نیە لە نێوان حکومەتێک لە ئەورووپا و حکومەتی کوردستان ، هیچ خاڵێکی هاوبەش نیە بەیەکیانەوە ببەستێت ، لەبەر زۆر هۆ ، لێرەدا باسم لەو هۆیانە نیە ، بەڵام باسم لە مەسەلەیەکە پەیوەندی نیە بە ئەزموونی کورت و درێژی سیاسیەوە ، مەسەلەیەکە پەیوەندی نیە بەوەی لە چ سەدەیەکدا ئەژین ، مەسەلەکە بریتیە لە پێوانەیەکی یونیڤێرساڵ کە هەر لە مێژەوە کاری پێکراوە لە دروستکردنی حکومەت و پێکهێنانی دەسەڵاتەکان کە لەسەری بۆ نمونە ئەندام پەلەمانێکی پێ هەڵئەسەنگێنرێت بۆ ئەوەی وڵات بەرێت بەڕێوە و خزمەت بە جەماوەر بکات لەسەر بنەمای ئەوەی حکومەت بۆ خزمەتی جەماوەر دروست ئەبێت نەک بە پێچەوانەوە..

جاران ئەیان وت تەها یاسین رەمەزان سەوزە فرۆش بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبیەکی دڵسۆزی بەعس بووە بۆیە سەدام گەورەی کرد ، ئەیان وت عیزەت دووری بەفرفرۆش بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەیس دڵسۆزی سەددام و حیزبی بەعس بووە سەدام ئەویشی بەرزکردبۆوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو ، چونکە هیچ موئەهیلاتێکیان نەبوو ، سەددام

**کەسی بەتوانای دانەئەنا چونکە خۆی هیچ نەبوو ، کەسێکی دانەئەنا موئەیهلاتی زانستی و ئەخلاقی هەبێت چونکە خۆی هیچی لەو دوو جۆرە موئەهیلاتەی نەبوو..**
**هەڵبەتە جیاوزای ئاسمان و زەوی هەیە لە نێوان ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گەلێ هیوامان بۆ بەستووە ، لەگەڵ حکومەتێکی بەعسی رزیو و رووخاو ، بەڵام بۆ ئەبێت بە هەمان هێڵا برۆینەوە ، بەناو و پێناسەیەکی تر؟ بۆ ئەبێت هەمان پێوانەکانی ئەو سەردەمە بەکار بەرینەوە وەکوو یاساکانی سەردەمی بەعس ، وەک ئەوەی هێنابێتمان پێوانەکانمان شتبێتەوە سپیمان کردبنەوە ، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەمان شتە و ئیستە بە هەمان شێوە ژیانی سیاسی خۆمانی لەسەر ئەپێوین..**
**بۆ نمونەوەزیر ئەبێت بڕوانامەیەکی شیاوی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەزارەتێک بەرێت بەڕێوە ، هەرنەبێت بەکالۆریۆس ، زۆر جاریش ماجستێر یان دوکتۆراە.. بێگومان هەڵەکە لەواندا نیە ، هەڵە گەورەکە لەوانی تردایە کە هەڵگری بروانامەن و موئەهیلاتیان هەیە و رازین بەوان بوترێت وەزیر و بە دەرنەچوویەکی پێنجی سەرەتاییش بوترێت وەزیر.. من بۆخۆم هەرگیز قبوولم نیە لە وەزارەتێکدا بە کارمەندێکی سادە دەستبەکاربم وەزیرەکە بروانامەی سەرەتایی نیە ، ئەوە ئیهانەیە بۆ هەموو تەمەن و مێژووی خەباتی میللەتی کورد ، ئیهانەیە بۆ وشەی خەبات و ئازادی و بۆ ناوی کوردستان و حکومەتی کوردستان..**
**ئەمە هەمووی بە پێچەوانەی هەموو بنەما و موقەوماتەکانی حکومەتێکی تەندروست و بەهێز و لێهاتووە ، پێچەوانەی هەموو ئەوەی سەرەوەیە ، و مێژوو هەڵیئەگرێ ، زەرەری گەورەشی کە نەوەی داهاتوو هاتن لێمان دیاری ئەدات ، چونکە ئەوان حکومەتێکی وێران وەرئەگرن ، ئەوان خەباتی سیاسی ئەکەن لەسەر بنەمایەکی گەندەڵ ، ئەگەر ئێمە راپەرینمان لە دژی سەددام کرد ، ئەبێت ئەوان لە دژی حکومەتی خۆیانی بکەن ، ئەوەش موسیبەتێکە هیواخوازم روونەدات..**